# شەهید جەمال تاهیر پیاوی هەڵوێست و نیشتمانپەروەریی

لەسەرەتایساڵی خوێندنی 1966-1967دا کە لە لیوای عیمارەوە گوێزرامەوە بۆ سلێمانی.. هەرچەندە لەوەوبەریش هەر ماڵم لە سلێمانی بوو, زۆر لەو برادەرانەم ئەناسی کە لە بزووتنەوەی کوردایەتیدا بە گیانێکی لەخۆبوردوانە کاروخەباتیان ئەکرد, بەڵام پاش تێکەڵبوونم لەگەڵ ڕێکخستنەکانی یەکێتی مامۆستایانی کوردستانداو لە مەکتەبی سکرتاریەتدا زۆربەی زۆری ئەو ئەندامانەم ئەناسی کە ئەو سەردەمانە لەڕیزی پارتیو یەکێتی مامۆستایاندا ئەندام بوون, لەوانە (شەهید جەمال تاهیرو مامۆستا خەسرەو حەمید بابان) کە هەمیشە لەگەڵ یەکدا بوونو پێکەوە ئەبینران کە لەو ساڵانەدا, دوو مامۆستای لاوو دووپیاوی چوست وچاك بوون لەڕیزەکانی پارتیو یەکێتی مامۆستایانی کوردستاندا ئەوسەردەمانە ئەوانەی لەڕیزی پارتیو ڕێکخراوەکاندا کاریان ئەکرد, زۆرتر تێکەڵبوونو زووتر یەکتریان ئەناسی و جگە لەوەی هەڤاڵ بوون, لەماوەیەکی کەمیشدا, ئەبوون بەهاوڕێ و دۆستی یەکتر, بەتایبەتی لەسەردەمی گۆڤاری (ڕزگاری)دا کە من تیایدا دەستەی نووسەران بووم و ئەو گەنجانەش لەمامۆستایان, قوتابیان هاتوچۆی گەرموگوڕیان هەبوو, زیاتر یەکترمان ئەبینی, کە ئەوساڵانە هێشتا مامۆستا جەمال تاهیر لەیەکێك لە قوتابخانەکانی دەرەوەی شاردا بوو, لە دواییدا گوێزرایەوە ناو شار, مامۆستا جەمال پیاوێکی دیارو وریای ناوڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان(مەکتەبی سیاسی) بوو,مامۆستا جەمال تاهیر کە ئەندامی کۆنگرەی سێیەمی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان بوو کە لەمانگی تەمووزی 1968دا لە سلێمانی بەسترا, لەودووڕۆژەی کۆنگرەدا مامۆستایەك دیاروخاوەن راوبۆچوونی چاك ولەباربوو کەبەو راو بۆچوونانە دەرگای لێدوانی گەرموگوڕتری دابوو بەکۆنگرە.

لەساڵی خوێندنی 1981-1983 لەبارو دۆخێکی سەختو نالەباری ناوشارو لەگەرمەی چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەو لەسەردەمی هەڵگیرساندنی جەنگی عێراق-ئێرانو توندو تیژی دەزگا ئەمنییەکانی ڕژێمدا, بارودۆخی شاری سلێمانی کەوتبووە ژێر حاڵەتێکی سەربازیی توندو تیژو کوشتو بڕدا, کەڕۆژانە خەڵکی کورد لەزیندانەکانی بەغدا توند ئەکرانو هەفتانە پۆل پۆل لاوانی کورد لە قەسابخانەکانی مووسڵو ئەبوغرێبدا لەسێدارە ئەدران,کەسو کاری پێشمەرگەو زیندانیەکان دوور ئەخرانەوەو خانوومالّیان ئەڕوخێنرا, ئالەو ڕۆژگارە سەختەدا لەو ساڵەدا (1981-1982) من لە قوتابخانەی سورکێو, لەسەر خواستی خۆم گوێزرامەوە بۆ قوتابخانەی بۆتان لەسەرچنار کەهەردوو مامۆستایان جەمال تاهیروخەسرەوبابان لەو قوتابخانەیەدابوون کە مامۆستا محەمەد عەبدوڵڵا مەعروف, باوکی شەهید ڕزگار, بەڕێوەبەری بوو.. مامۆستاکانی تریش کە هەموویان لە پیاوە چاکەکانی مامۆستایانبوون, بەهاتنی من بۆ ئەو قوتابخانەیە پێخۆشحاڵ بوونو ڕێزی منیان زۆر ئەگرت, بەتایبەتی کە ئەیانناسیمو ئەشیانزانی بۆ جاری دووەم لە جنووبەوە لەپاش سێ چوارساڵ گەڕاومەتەوە سلێمانی, بەوانبووایە من هیچ ماندوو نەبمو نەچمە پۆلەکانەوە, ئەوان لەبری من دەرسەکانم وەرگرن, بەڵام من قەبووڵم نەکرد, هەرچەندە هێندێ لە دەرسەکانیان هەر بەسەرخۆیاندا دابەشکردو ئەوساڵە پێکەوە لەگەڵ ئەو دەستەمامۆستایانەدا, سەرەرای سەختی بارودۆخە سیاسیو عەسکەرییەکە, سەرەڕای زەبرو زەنگی ئەمنو موخابەراتو بەعسییەکانی ناوشارو بە ئاشکرا دوژمنایەتی کردنیان بە هەموو جەماوەری شار, بەتایبەتی بەوکەسانەی کە لەنزیکەوە ئەیانناسین..

Document Produced by deskPDF Unregistered :: http://www.docudesk.com

سەرەڕای ئەمانە هەموو ئێمە ساڵمان بەخۆشی بەسەر بردو لەوساڵەدا لە بەهاردا, یەك دوو سەیرانمان بۆ ناوباخەکانی سەرچنار کرد.

کاتبی ناحیە, رۆژێکیان هاتە قوتابخانەکەو سەردانی پۆلەکانی کرد, بەمەبەستی پشکنین (تەفتیش) کە دیارە تەفتیشکردنی پۆلو مامۆستا تەنیا لە دەسەلاتی سەرپەرشتیکار- موفەتیش و بەڕێوەبەری پەروەردەیە, نەك بەڕێوەبەری ناحیەو کاتبەکەی, تەنانەت بەڕێوەبەری ئەمنو پۆلیسیش ناتوانن ئەو دەستەلاتە بدەنە خۆیان.. بەلام ئەو پیاوە, بەلووت بەرزی خۆی وەك لێپرسراوێکی بەعس, یان وەك جێگری بەڕێوەبەری ناحیە, سەری بەچەند پۆلێکدا کردبوو, لەوانە پۆلەکەی مامۆستا جەمال تاهیرو مامۆستا خەسرەو بابان و یەك دوو مامۆستای تر.. ئەوانیش بەبێ ئەوەی ئاگاداری قوتابییان بکەن, یان خۆیان بەخێرهاتنی ئەوکەسە بکەن, هیچ گوێیان نەدابوویەو پشتیان تێکردبوو, بەمە ئەوکابرا گەوجەیان زۆر تووڕەکرد, کە هاتە دەرەوە ئەو شکاتەی لای بەڕێوەبەر کردبوو, هەر ئەویش پیاوانە بەرپەرچی دابۆوە, پێی گوتبوو (تۆ هیچ ئەو دەسەلاتەت نییە, کە بچیتە ناوپۆلەکانەوە تەفتیشی قوتابیان بکەیت.. کاتێکیش مامۆستایان هاتنە دەرەوە کارێکیان بەوکەسە کرد, کە جارێکی تر سەرنەکاتەوە بە قوتابخانەکەدا, بەتایبەتی هەردوو مامۆستایان جەمال تاهیرو خەسرەو بابان.. ئەویش هەڕەشەی ئەوەی لە مامۆستایان کردبوو کە گوایە (ئەمانە هەموویان دژ بە"حزبی قائدو سەیدالرئیس"ن و خۆیان ئەبیننەوە چییان بەسەرئەهێنم!) لەدوایدا ئەمان بیستەوە کە راپۆرتی داوەتە ئەمنی سەرچنار, ئەیەوێت ئیجرائات لەگەڵ ئیدارەو مامۆستایاندا بکات!!

بۆیە ئەم کارە وایکرد کە زیاتر مامۆستا جەمال و مامۆستا خەسرەو بکەونەبەر چاوو لێپرسینەوە.. تەنانەت ئەگەر ئەو کابرایە ترسی ئەوەی نەبووایە کەماڵو منداڵەکەی لەسەر چنارەو سەرچنار لە زۆرجار لە شەواندا ئەکەوتە ژێر زەبری پێشمەرگەوە, ئەوا هێندە داخ لە دڵبوو کە کارێکی خراپ لەگەڵ مامۆستایاندا بکات..

زۆرجار, بەتایبەتی لەدەوامی بەیانیاندا و لە فرسەتی دوای دەرسی دووەمدا کە تیایدا مامۆستایان چایان ئەخواردەوە, دەستئەکرا بە راگەیاندن خۆبەخۆی ناو مامۆستایان, لەوەشدا من ئەبووم بە میحوەری گێڕانەوەی ئەو خۆبەخۆی ناو مامۆستایان, ئەو دەنگو باسانەی لە شەواندا لەرێی رادیۆکانی دەرەوەدا بەوردی بەدوایاندا ئەگەڕام و بەیانیان بۆیانم ئەگێڕایەوە.. بۆیە هەندێ جاریش مامۆستا جەمال تاهیر دەنگوباسی شۆڕشو پێشمەرگەی تێکەڵ ئەو هەواڵانە ئەکرد و لەدوایشدا پێی ئەگوتم, خۆ نابێ هەر گوێ لە شەڕی ئێران- عێراق بگرین!

شەهید جەمال لەگەڵ دوو کوڕیدا رۆژانە لەناو شارەوە بەپاسی سەرچنار ئەهاتن بۆ قوتابخانەی سەرچنار.. زۆر جار وا رێك ئەکەوت منیش بە (لادا)کەی خۆم لەوکاتانەداو لەناو شارەوە بەرەو قوتابخانە ئەبوومەوە, کە ئەگەیشتمە ئەم مەوقیفەی ئێستای بەرامبەر مەڵبەندی سلێمانی.. کاك جەمال کە ئەی‌بینیم راوەستاوم بۆخۆی هەڵە ئەکردو حەزی نەئەکرد سواربێ, هۆکەیشی ئەوەبوو, ئەیویست من بپارێزێ, کە با کەس نەزانێت منو ئەو دۆستایەتیمان هەیە!..ئەمەش خۆی درکاندی.. بۆیە منیش پێم وت بەخوا کاك جەمال, لەهەندێ رووەوە, من لەتۆ قەشترم.. دەوەرە توخوا سواربە, با منیش کەشفبم!!

بەڕاستی وەك وتم, ئەوساڵەمان لەگەڵ ئەودەستە مامۆستایەدا خۆشڕابوارد کە بۆ ساتی ئاینده من کرام بە بەڕێوەبەری قوتابخانەی سوورکێوی سەرەتاییو ئەو برادەرانەم جێهێشت, بەلام هەر لەوساڵەدا یەك دووجار سەردانی قوتابخانەکەم کردەوە, ئیتر ئەوەبوو مامۆستا جەمال تاهیر گیراو کەرۆژانە لەرێی شەهید خەسرەو خاڵەوە ئاگاداری هەڵوێستە دلێرانەکەی ناوزیندانەکەی ئەمنی سلێمانی بووم.. کاتێکیش کەبەسەربەرزانەو لە لێبوردنی

Document Produced by deskPDF Unregistered :: http://www.docudesk.com

گشتیدا ئازاد کرا, سەردانیم کرد کە لەو ڕۆژەدا ژمارەیەکی زۆر لە هاوڕێو برادەران وەك منو مامۆستا جەمال عەبدول هاتبوون بۆ پیرۆزبایی بەربوونی.. لەدانیشتنێکی نیوسەعاتیدا, مامۆستا جەمال عەبدول بەشێوە ناسكو لەسەرخۆکەی خۆی, کەوتە قسەی خۆش پێکردنم, چەندین جار ... خواردنەوەکەی کرد بە نۆشی گیانم!!... ومامۆستا جەمال تاهیر-یش هێندە پێکەنی, لێدانو سزاو ئەشکەنجەکانی ئەوچەند مانگەی ئەمنەکەی لەبیرچووبۆوە.

**محەمەد نوری تۆفیق**

Document Produced by deskPDF Unregistered :: http://www.docudesk.com